**هاواری بەرد...**

چ رۆژگارێک دووکەڵاوی و هەوایەکی هەناسەبڕ !
هەوری ئاڵی شەرم وخەفۆک
زەینی شار و گۆنای هەتاوی گرتووە
چارشێوی بەردەوامی شەو، ڕەش ڕەش
بەژنی شەلاق کراوی ئازادی تۆمار دەکات
زاری کتێب ، پراوپڕە لەنامی تاڵی بێدەنگی
گەردنی خواری ڕۆژنامە ، ڕەنگاورەنگە لە ملوانکەی درۆی زەمەن
جانتاکانی دروشمان، خاڵی خاڵییە لە دەنکەواژەی شەهامەت
پۆل پۆل پەپوولەکانی سەر زار و قەڵەم
لە کانی وشکی خەیاڵی شاعیردا هەڵپڕووکاون
گەڵا گەڵای خەمنامەکەی باخچەی ئەوین
پشکۆ پشکۆ، میوەی تەڵخی
ناو دۆزەخی ئەم ڕۆژگارەی بەرگرتووە .
چ رۆژگارێک دووکەڵاوی و هەوایەکی هەناسەبڕ !

گەردەبینی لە قامووسی نیوەپەڕەی هەژاراندا
نانی تێدا نەنوسراوە،
ئەوا هەڵۆی باهۆزی ڕاسانی سبەی
لەشاهۆی دڵیاندا هێلانەی کردووە
ئەگەر دەستی مقەستی ئەم شەوگارە پیرەمەرگە
شکۆفەی خەندەی ڕۆزی لێوی کچێک هەڵدەپاچێ،
ئەوا لە نێو دوو چڵەپاسی خەیاڵێدا
بووکەڵەی ئەشقێکی نەهێنی، جۆلانەی کردووە .
ئەگەر گوێچکەی شەقامی ئاخنراوی بێدەنگی و
گەرووی سووتاوی باخچەکانی شار
لە بارانەی زیرەک و قەتارەی مامڵێ بێ بەرین
ئەوا پۆل پۆل پەپولەی هونەریان ، لە چڵەپۆپەی درەختانی فکرو
لە موبایلی روحی منداڵانی شارا دەژین.

ئێستا هاورێکانم دەڵێن
گڵە کۆنەی ئەم باسانە
ئیترمەکە ناو گوڵدانی شیعرتەوە
کەکرەی سیاست مەدە لە یەخەی باوەڕت
با پرژوپۆی ڕێحانەی پیر،
تەنیا ڕەنگی هونەر بگرێ
تەنیا بۆنی هونەر بدا.
با کامێرای چاوی شیعرت
دەنگی برسێتی و ڕەنگی بێدادی و

شەقامی سووری هاوار نەبینن.
مەبادابشکێ شوشەی  دەستوری دەسەڵات.

کەچی دۆستان هەمو رۆژێ،
جانتای بەتاڵی رۆژنامەکانیان
پێش لەوەی لە دەروازەی سوڵتان دەرکەون
پردەکەن لە گوڵەبەرۆژەی وتەی بەتاڵ
لە رەنگ دانەوەی بێ رەنگ ترین هزر و خەیاڵ

وا ئێستا منیش حەز دەکەم
هیچ کام لە جلەکانی باوەڕم
لە گێژەڵووکەی ئەم وەرزە نا شەفافەدا
تۆزی سیاسەت و ئایدیا و ئایین نەگرێتە خۆی
وائێستا منیش هەوڵ ئەدەم
شووشەی دووکەڵاوی و موقەددەسی سەمبولەکانی رۆژ هەڵاتیم
ورد و خاش کەم
با ئیتر درەختی رۆژگارم
میوەی ترس و گەڵای بێداد نەگرێتە خۆی
ئیتر شەوگار قژی خیاڵی ئاسایشم بۆ دابێنێ .
ئیتر زەریا لە ئارامی دەرونی مندا بسرەوێ
نەک فێری هەڵچوون و توورەییم بکات .

وائێستا منیش هەوڵ ئەدەم
قشقەڕەی سەرکەلاکی خۆم
بانگی ئازادیم هەڵبدات .
باهەوری خەندەی سەوز و سوور
لە ئاسۆی چەمەڕای سی ساڵەی شارەوە
نەرم نەرم بەستە بڵێ و
شادەماری شەقامان و
مووە رەگی کووچە تەنگەکانی رۆحمان رابماڵێ
حەزم دەکرد و حەز دەکەم
بەڵام ئەفسووس! ئێستاش ئەفسووس!
وەرز وەرزی هەرەسی قەڵەمە
لە دەسەڵاتی ئەندێشەی دووکەڵاوی دۆزەخەوە
هاواری سووری ئەشق هەڵدەقرچێ
هەڵدەقرچێ ئەشقی سووری هاوار
هاوار هاواری بەردە
ئەشق ئەشقی بەردە
بەرد بەرد بەرد...

چ رۆژگارێک دووکەڵاوی و هەوایەکی هەناسەبڕ !
ئەگەر بێت و هەنگی سۆزێک
لە سەر گوڵی سووری کراسەکەی " دوعا " بنیشێ
ئەوا چەپڵە بارانی بەرد و ئاگر
ئاوازی کۆتایی تەمەن تۆمار دەکەن
ئەگەر وەسوەسەی تاڵەموویەکی سەرکەش،
لە درزی تاریک و پشت تەلبەندی دووکەڵینی سەرپۆشەوە
بە گۆشەی چاوێکی حەسرەت سەرنجێکی شەقام بدا
ئەوا لێوی بریسکە بارانی شەلاق
شەق شەق وەردەبێتە ماچ کردن و
نەخشی سوور و شینی پشت دەکێشێ و
حوکمی شەوگار ئیمزا دەکەن . . .

تاقەداری حەوشەی خەیاڵی شاعیرێک
رۆژێک ئارامی سینگی شیعرێکی کردە هێلانە
بۆ چۆلەکەی باڵەوازەی دڵی کچێک
کەچی بارانی رەشاوی بەرد و تاوان
بە سەر شیشەی پەراش پەراشی روحیانا رێژاوی کرد

کۆترێکی شەیدا دوێنێ هات و
بە چڵێ گوڵی وشکەڵاتووی ئازادی و
بە چڵەزەیتوونی شکاوی ئاشتی و
بە پەلی سووری هەڵبڕاوی باڵی خۆی
ویستی هێلانەیەکی تازە
بۆ قومری خنکاوی هاوارتان دروست بکات
لە سەر بانی باڵەخانەی رۆژنامەکەی.
کەچی لەسای باڵەخانەی بێدەنگیتان
هەودای زێڕینی هاواری
بوو بە تەنافی تاوان و
چنگی کێشا بۆ گەرووی خۆی
کاتێک لە پشت تەلبەندی چاوەڕوانی مەرگەوە سەرنجی دا
قەڵاکانی فیشاڵتان داتەپیو
هێلانەی زەمەنی نسکۆتان
پڕە لە ماری بێدەنگی و هێلکەشتان پیس!
چ رۆژگارێک دووکەڵاوی و هەوایەکی هەناسەبر !
چاوی درختەکانی شار
هەڵوەرینی گەڵا گەڵای رۆح و
شەکانەوەی باڵندەی هەڵواسراوی
لقی خۆیان ناخوێننەوە .
شادەماری شەقام

خاڵی خاڵییە لە هەزاران هات و چووی بیرەوەری
وێستگەکانی شەقامی شار ، سارد و بێدەنگ
پڕە لە ئاپۆرەی سکووت .
پیاوان بە لەز هەموو ڕۆژێک
بۆ "زۆراوا" و "دەوڵەتاوا" و وێستگەی "دۆلار" پەلەیانە
ژنان ڕەش ڕەش هەموو ڕۆژێک
بۆ "جەوراوا" و بێدەنگاوا و شەرمەشەقام پەلەیانە
هەی یارانم چەند بە داخم !
چون ڕێبواری نێو شاری "ئەندێشە" و شەقامی "ئازادی"
کەس نابینم هێندە کەمن !
بە داخەوەم
شار هاودەمی گۆڕستانە و
گۆڕستان وێستگەی هاوارە ، هاوار
هاواری ئەشق ،
ئەشقی بەرد .
بەرد بەرد بەرد .